کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-10-2007 1:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هەڕەشەی تورکەکان بۆ سەر باشوری کوردستان ... خەبات لاوباخ**

لەدوای هاتن و پێکهێنانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ گۆڕەپانی شۆڕش و سیاسەت لە کوردستانی باکوری داگیرکراو لە لایەن تورکیاوە، چەندەها پێکدان و چالاکی بێوێنەی شۆڕشگێڕانە ڕوویداوە و زیانی گیانی و ماڵی لە دوژمنانی کوردوکوردستان دراوە، بەپێی ئاماری چاودێرانی سیاسی و سەربازیی تاکو ئیستا نزیکەی 37 هەزار قوربانی لە هەردوولا لێکەوتۆتەوەو و چەندەها دێهاتی کوردستان وێرانکراوە و خەڵکەکەشی بەزۆر ئاوارەکراوە، ئەمانەش لە ئەنجامی کاری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی سەربازان و دەسەڵاتدارانی تورکەوە ڕوویداوە و کە دەتوانرا ڕێگا لەم خوێنڕشتنانە بگرن و بە دیالۆگ و ئاخاوتن چارەسەر بکرێت و کۆتایی بەم نادادپەروەرییەدا بهێنرێت، لەگەڵ بەکارهێنانی زۆرترین چەکی کۆن و مۆدێرن و یارمەتی وولاتانی ئەمەریکا و ئەوروپا، نەیانتوانیوە بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی لای شۆڕشگێرانی کورد رابگرن و سەرکەوتوو بن لە ناوبردنیان.



بەمەش ڕانەوەستاون و دەستیان خستۆتە ناو کاروباری بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان و خۆیان کردووە بە لێپرسراو و بڕیاردەری میللەتی کورد بە بیرێکی شۆڤینیەوە.

ئەو ڕوداوانەی ئێستا لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی هاوڕێ و هاوبیرییان لە باشووری کوردستان ڕویداوە وەك

+ بزاڤی کوردی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە دیوە و کەمێك چنگی لە ئازادی گیربووە و چەندەها پلەو پایە کەوتۆتە دەست کوردەوە لە عێراقدا، ئەمە تووشی نەخۆشی هیستریای کردوون.

+ لە بەر ئەوەی وەك ساڵانی پێشو ناتوانن بەئارەزووی خۆیان دەست بخەنە ناو کاروباری باشووری کوردستانەوە و کورد بە کورد بکوژن.

+ لە دوای یەکریزی و تەبایی پارتە کوردییەکان و بوونی یەك دەسەڵات و یەك پەرلەمانی کوردستان، نەخۆشییەکەیان گەیشتۆتە ئاستی تێکچوون و قسە بزرکاندن.

+لەگەڵ ئەم بارودۆخەش زۆرتر لەلایەن کۆنگرێسی ئەمەریکی یەوە کەوتونەتە ژێر پاڵەپەستۆییەکی سیاسی گەورەوە، کە بابەتی جینۆسایدی ئەرمەنەکانیان هێناوەتەوە پێش و نیازیان وایە بڕیاری لەسەربدەن.

+ بەدەنگەوە نەچوونی ئەمەریکاش لە جێ بەجێ نەکردنی داواکارییەکانیان و نەتوانینی بڕیاردان لە پاشەڕۆژی عێراقدا و تەنها وەك بینەر سەیر دەکەن.

+ نزیك بوونەوەی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 و گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی کورد بۆ باوەشی کوردستان.

لەسەرەتادا دەیانویست بابەتی تورکمان بکەن بەبیانوو بۆ دەست تێوەردانیان لە کوردستان، کە هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ تورکمان نیە، لە دوای هەڵبژاردن و پەرتوو و بڵاوی بەرەی تورکمان، سەری نەگرت بۆیان، ئێستا دەیانەوێت پ. ك. ك بکەنە بیانوو بۆ لەناوبردن و تێکدانی ئەو بارودۆخە و هەنگاوە باشانەی دراوە لە کوردستان، هەوڵیاندا سیناریۆییەکی گاڵتەجاڕانە و سەیرو سەمەرە دروست بکەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و بیکەن بە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوژرانی 13 سەربازی تورك و نیشانی دەدەن کە ئارامیان لێ هەڵگیراوە و چی تر ناتوانن ئۆقرە بگرن و بڕیاری هێرشکردنی باشووری کوردستان داوە و خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، هەر وەك ئەمە یەکەم جاربێ سەربازیان لێکوژرابێ.
ئەی کووان تۆڵەی 37 هەزار قوربانیەکانی ساڵانی پێشوو.
بەڵام بۆ خۆیان ڕەوایە کورد بگرن و بکوژن و ئاوارەی بکەن و ئەندامانی بەرەی تورکمان ڕابهێنن لەسەر تیرۆر و ڕەوانەی کوردستانیان بکەن، ئا ئەمەیە دادپەروەری و دیموکراتی دراوسێ شیرینەکەمان.
بۆیە پێویستە لەسەر هەر کوردێکی دڵسۆز لە هەرچوار بەشی کوردستان یەك بگرن و دژایەتی خۆیان دەربڕن و بێنە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندن بکەن لە هەموو لایەکی جیهان بۆ ڕیسواکردنی ڕەفتار فاشییەکان، وەك چۆن ئەوان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان لە دژی هەوڵدانی یاسابڕیارێك لە لایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە دژی ڕەشەکوژییەکەیّ عوسمانی لە بەرامبەر ئەرمەنیەکان.
کەچی بەداخەوە دانیشتوانی باشووری کوردستان هیچ کارێکی ڕەتکردنەوەی دژی ئەو بڕیارە نەنواندووە و تەنها وەك بینەر سەیر دەکات، دەبوایە لە هەموو شارەکان بڕژانایەتە سەر شەقامەکان بۆ ڕیسواکردنی ئەو دوژمنایەتیەی تورك بەرامبەر کورد.
ئەگەر ئەوان تەنها هەر دژی چەکدارانی (پ. پ. ك. ) ن، ئەی بۆ
+ ڕێگا بە هێڵە ئاسمانیەکانی کوردستان نادەن بەئاسمانی تورکیادا تێپەڕن.
+ هەڕەشەی داخستنی سنورمان لێدەکەن و ڕاگرتنی پەیوەندی بازرگانی واتە ئابلوقەی ئابووری.
+ ئەی بۆ ئامادە نین پەیوەندی و کۆبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستێکی کورد بکەن لە حوکمەتی عێراقدا، لەبەر ئەوەی تەنها کوردن.
ئەمانە هیچ کات دراوسێ و دۆست و برای کورد نین و نابن، تەنها دوژمنکارییان لە دەست دێت.
بۆیە بە بۆچونی من، ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتدارانی کوردستان، کە ئەرکێکی زۆر پیرۆزە، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:
+ خۆ لادان لە شەڕی براکوژی و دان پیانەهێنان و ناونەهێنانی (پ. پ. ك) بە تیرۆریست، چونکە ئەوان مەبەستیان هەموو کوردە، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان و حوکمەتە ساوەکەمان.
+ ناچارکردنی هێزی هاوپەیمانان، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوروپا، ڕیگرتن لە دەستێوەردانی تورکان بۆ سەر باشوری کوردستان، یارمەتی دانی ئەمەریکا بە مەرج بێت نەك هەر هاوپەیمانیەکی بێ ئامانج.
+ شان بەشانی ئەمەش حوکمەتی عێراق ناچاربکرێت هیچ پەیمانێك لەگەڵ تورکیادا بەبێ بەشداری کورد نەکرێت و ئەوەی کراویشە هەڵبوەشێنرێتەوە، داوا
لە حوکمەتی عێراق بکرێت دەنگی ناڕەزایی بەرزتر بکاتەوە.
+ پێویستە دەسەڵاتی کوردستان ئەم هەڕەشانە بەهەند وەربگرێت و خۆی بۆ ئامادە بکات و وەك بینەر نەبێت، متمانە نەکرێت بە ئەمەریکا و ئاگاداری پەیمانی نهێنی و ژێربەژێر بین و بە دیقەتەوە بڕوانینە ڕوداوەکانی ڕۆژانە.
+ هەوڵدانی کۆکردنەوەی لایەنگیر و هاوپەیمانان بۆ دژایەتی کردنی هەڕەشانەکانی تورك بۆ سەر کوردستان و ناچارکردنی تورك بۆ چارەسەر کردنی بزاڤی کوردبە ڕێگای دیپلۆماسی لە تورکیادا و واز لە چەوسانەوەی کورد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆزگە نوسەرانی کورد لەجیاتی سوککردنی یەکتری و هێرشکردنە سەر سیاسەتمەدارانی کورد، هەوڵ بدەن بە نوسین دژایەتی و ڕیسواکردنی ڕەفتارفاشییانەی تورك بکەن و پشتگیری مافە ڕەواکانی براکانمان بکەن لە باکوری کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.